چوارچۆی هەماهەنگی پشتگیری تەواوی خۆی بە سەردانەکەی سەرۆک وەزیران بە واشنتۆن دووپات کردەوە



ئەمە دووشەممە چوارچۆوەی هەماهەنگی پاپشتی تەواوی خۆی بە حکومەت و شاندی عێراقی بە سەرکایەتی محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران لە واشنتۆن دووپاتکردەوە.

لەبەیاننامەیەکی لەچوارچۆوەی هەماهەنگیدا هاتووە" لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تەحەددا سەختانەی ناوچەکە ڕووبەڕوو بویتەوە، عێراق لە ژێر ڕۆشنایی هەوڵە یەکگرتووەکانی خۆک و دەسەڵات و دامەزراوە پێیوەندیدارەکاندا سەقامگیرییەکی ڕوون بەخێیەوە دەبینێت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە" کەعێراق بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە چاوی لە بنیاتنانی پێیوەندییە نوودەوەتییە بەهێزکانە بە تەواوکردنی ستراتیژی گەشەپەدان بە چەسپاندنی ئەو پێیوەندییانە لەسەر بناغەیەکی تەکمە کە پشت بە سەروەری تەواوی بەیاری عێراق و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ وڵاتان دەبەستێت.

ئاماژەی بەوەشدا" سەردانەکەی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و شاندی یاوەری بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هیوادارین پشکوتن لە پێیوەندی نێوان عێراق و ئەمریکا بدەستبهێنێت، لەسەر ئاستی جیاجیا، بەتایبەتی وزە، وەبەرهێنان، ئابووری، و تەکنەلۆژیا.

چوارچۆوەکە دووپاتی کردەوە کەپشتیوانی تەواو بە حکومەت و شاندی عێراقی بە سەرکایەتی سودانی

دەکەن، و ئاواتخوازی □□ی عێراقن بۆ گەیشتن بۆ ڕاگرتنی دەستدرێژیەکان بۆ سەر غەزە، □□گرتن لە فراوانبوونی ململانێکان لە □□ژهەڵاتی ناوەڕاست، و ئەم سەردانە ببێتە هەکاری دامەزراندنی هاوبەشیەکی ستراتیژی دووقۆڵی بەردەوام لەگەڵ ئەمریکا، بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی ئەرکی هاوپێمانی نێودەوڵەتی، و ئامادەکاری بۆ دانانی خشتەی کشانەوە و خواستی عێراق بۆ بنیاتنانی پێیوەندی دووقۆڵی لەگەڵ لایەنە سەرکیەکانی هاوپێمانی، بەتایبەتی ئەمریکا، و بۆ ئەم پێیوەندییە لەسەر بنەمای □□زگرتنی یەکتر و پاراستنی ئاسایش و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق بێت.